کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 15-7-2007 22:40

**ڕۆژنامەی خەبات و کوشتنی ئافرەتان ... هێمن عەلی**

لە وولاتانی جیهان ئەگە لە ساڵێکدا تەنها یەك تاکە ئافرەت بە توندو تیژی بکوژرێت ئەوا تا ساڵ دەسورێتەوە لە ڕاگەیاندن و میدیاکان باس دەکرێتەوە و دەبێتە بابەتێکی زەق و دیاری میدیاکان لە ژمارە (2554) ی ڕۆژی هەینی ڕۆژنامەی خەبات و لەلاپەڕە چوار و لە گۆشەی دوێنێی کوردستان هەواڵێکی ڕۆژنامەنوسی بەتوانا و لێهاتوو و بەتوانا (محەمەد شکاك) م خوێندەوە کە تیای دا هاتبوو کە لەماوەی بیست و چار کاتژمێری ڕابردوودا سێ ئافرەت لە شوێنە جیا جیا کانی کوردستان کوژرابوون ئەو کەسانەی دەستیان بە خوێنی ئەو ئافرەتانەوە سووربوو چەندە تاوانبارن ڕۆژنامەی خەباتیش دووئەوەندە تاوانبارە کە ئەو هەواڵە گرنگە یان بەو شێوە و بەو بێ بایەخیەیان بلاو کردبۆوە لەکونجێکی بچوکدا کەچی هەواڵی هونەرمەندێکی بیانی کە نیوە ڕوتە لە لاپەڕە یەی یەکەم دادەنێن کەچی هەواڵێکی ئاوا گرنگ ئاوا بێ بایەخ دادەنێن.

ڕۆژنامەی خەبات بەو کارانەی میسداقەتی خۆی لەدەست داوە بۆیە پێویستی بە پیاچونەوەیەك بەکارەکانیان هەیە و پێویستیان بەکەسی کارامە هەیە لەو بوارە دا نەك کە سانەك کە ئەسڵەن لە ئەلف و بای ڕاگەیاندن نازانن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.